

ئەگەرچی تەمەنی هونەری زۆر درێژ نییە، بەڵام شەهێن جەمـــال توانیویەتی لەو ماوە کورتـــەدا بوونی خۆی وەك ئەکتەرێکی بە توانا بســـەلمێنێت و زیاتر لە جارێك خەڵاتی باشـــترین ئەکتەری ئافرەتی بەدەســـتهێناوە و پاڵێوراو بووە بۆ خەڵاتی جۆراوجۆر، هەر ئەمەشـــە وای لێکردووە کە لە چەندین دراما و فیلم و کورتە فیلمدا رۆڵی پێ بدرێت، لە نزیکە وە شـــەهێن جەمالمان هێنایە ئاخاوتن دەربارەی کارە هونەرییەکانی و بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.

# شەهێن جەمال: دووپشک منی

*** رووکردنە بواری نوانـــدن بڕیارێکی تایبەتی خۆت بوو و ئایا هیچ ئاستەنگ و رێگریت بۆ دروست نەبوو؟**

- بڕیارێك بوو لەلایەن خۆم و کاروانی هاوســـەرمەوە درا ئەویش بریتی بوو لەوەی کە من بچمە نێو بواری هونەرەوە و ســـوپاس بۆ خوا تا ئێستاش بەردەوامم و هیچ رێگرییەکم نییە.

*** تۆ پێشتر لە کلیپدا بەشداریت کردووە، بۆچی وازت هێنا و لێی دوورکەوتیتەوە، لە کاتێکدا زۆر لە ئەستێرە جیهانییەکان بەشداری لە کلیپدا دەکەن؟**

- هەموو کەســـێك کە روو لە بوارێکی نوێ دەکات سەرەتایەك تا رادەیەك جیاوازە، منیش وەك سەرەتا بەشداریم لە کاری کلیپ کرد، بەڵام ئێســـتا حەز بە کاری کلیپ ناکەم، چونکە وەکو وتم ئەوە بۆ من تەنیا وەك سەرەتایەك بوو.

*** لە (گەردەلوول و دووپشك و کش ومات، لاپەڕەکانی کەرکوك) و چەندین کاری دیکەدا بەشداریت کردووە لە کامیان زیاتر دڵخۆش بووی و پێتوایە زیاتر لە جەماوەرەوە نزیك بوویتەوە؟**

-هەر یەکێك لەو درامایانەی کە باست کردن ناوەڕۆکی جیاوازە و تەنانەت جەماوەریشی جیاوازە، بەڵام ئەوەی کە زیاتر منی ناساند و بە جەماوەری ئاشنا کردم، زنجیرە درامای دووپشك بوو و لێرەوە بە پێویستی دەزانم دەستخۆشی لە دەرهێنەر و ستافەکەی بکەم.

*** هیچ کارێك هەیە پێشکەشـــت کرا بێـــت و رەتت کردبێتەوە و بۆچی؟**

-بـــە دڵنیاییەوە زۆر کار هەبووە رەتم کردۆتەوە، لەبەر زۆر هۆکار لەوانەیـــە ســـیناریۆکەی بە دڵم نەبووە یان ئەو کەســـایەتییەی لە سیناریۆکەدا بۆ من دیاریکراوە لەگەڵ کەسایەتی من نەگونجاوە.

***زۆر باس لە (قاقا) کرا، ئەم کارە بۆ تۆ چی دەگەیەنێت؟**

- ئەوەش وەك کارەکانی دیکە کە تێیدا بەشدار بووم، تەجروبەیەك بوو بۆ من، تاکو لە درامای کۆمیدی بەشداری بکەم، ئەوەی زۆر بۆ من گرنگ بوو لە (قاقا) کۆمەڵە کەســـێکی باشم لە نزیکەوە ناسی و زۆر سوپاسیان دەکەم.

*** ئەو رۆڵانە چین کە زیاتر لەگەڵ کەسایەتیی تۆدا دەگونجێن وەك شەهێن جەمال؟**

-ئەکتەر پێویستە لەهەموو ستایل و رۆڵەکاندا شارەزایی هەبێت، بەڵام من زیاتر هەستم بەوە کردووە کە لە رۆڵی عاتیفی خۆم زیاتر دەبینمەوە، ئەمەش چونکە فیگەری من وایە.

*** زیاتر لە جارێك خەڵاتی باشـــترین ئەکتەرت بەدەســـتهێنا لە کوردستان و لە فیسیتڤاڵەکانی دەرەوەش پاڵێوراو بوویت بۆ خەڵاتی بەرز، ئایا کەس لە پشت ئەم سەرکەوتنەی تۆوە بوو یاخود بۆ بەهرە و توانای تۆ دەگەڕێتەوە؟**

- تا ئێستا دوو جار خەڵاتی باشـــترین ئەکتەرم بەدەستهێناوە لە کوردســـتان و جارێکیشـــیان پاڵێوراو بووم لە فیستیڤاڵی دەرەوەی وڵات بە فیلمی (دڵی ســـوور)، هەروەها خەڵاتی رێزلێنانیشـــم بە دەســـتهێناوە، بێگومان ماندوو بوونی خۆم و هاوکاری و پاڵپشتیی دەوروبـــەر و خانەوادەکەم رۆڵیـــان هەبووە لە بەدەســـتهێنانی ئەو سەرکەوتنانە.

*** هەمیشـــە کورتە فیلمەکانت لە ئاستێکی زۆر بەرزدا بوون و خۆیشـــت پاڵێوراوی خەڵاتەکان بوویت، ئەمە هیچ پەیوەندییەکی بە**





# زیاتر بە جەماوەر ناساند

**سیناریۆ و دەرهێنەرەکانەوە هەیە؟**

- بێگومان هەر سیناریۆیەك باش نەبێت یان دەرهێنەر لە ئاستێكی بەرزدا نەبێت، ئەوا ئەکتەرەکان پاڵێوراو نابن بۆ خەڵاتەکان.

*** لە تەمەنێکی زوودا دەستکەوتی هونەریت زۆربوون، ئایا خۆت بە ئەستێرە دەزانی؟**

- زۆر سوپاس بۆ ئەو پرسیارە، بەڵام من ناتوانم بەخۆم بڵێم ئەستێرە و ئەو کارانەشی کە تا ئێستا کردوومە حەزم کردووە خزمەتێکی هونەری بە هونەری کوردی بکەم و هیوادارم ئەم خزمەتەم لێ قبول بکەن، چونکە ئامانجی من خزمەت کردنە بە هونەری کوردی.

*** تایبەتمەندییەکانی ئەکتەری سینەما و شانۆ جیان، ئایا ئەکتەرانی ئێمە توانیویانە خۆیان بە ئەکتەری شانۆ یان سینەما دابنێن و تێیدا پسپۆر بن، یاخود بۆ ئەوان هیچ جیاوازییەکی نییە؟**

- بێگومان ئەکتەری سینەماو شانۆ جیاوازن، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەکتەر هەیە لە یەك کاتدا لە سینەما و لە شانۆدا کار دەکات، لەنێو ئەکتەرانی کورد کەسانی سەرکەوتوومان هەیە، بەڵام بەداخەوە لەم وڵاتەی ئێمەدا هونەر نەبووە بە پیشە و کەس ناتوانێت بە هونەر خۆی بەخێو بکات و هەموو کات هونەر بۆ هونەرمەندان کاری دووەمە و چووەتە بوارێك کە ناسین و خزمایەتی رۆڵی تێدا دەبینی، ئەگەر خزم یان ناسیاوێکت لە رێکخراوێکی هونەریدا کار نەکات دەستبەجێ کارەکەت ناکرێت، بۆیە دەڵێم وەرن با هەموومان هونەرێکی پاك و بێ خەوش پێشکەش بکەین بۆ ئەوەی بینەری کوردی نە ڕوات بە لای درامای تورکی و رۆژئاوایی، هیوادارم وەزارەت کار بۆ کەسی شیاو بکات.

*** ئافرەتە هونەرمەندەکان توانیویانە پەیامی خۆیان لە رێگای نواندنەوە بگەیەنن وەك ئافرەت؟**

- بەڵێ زۆربەی پەیامەکان گەیشتوون و زۆر جار کۆمەڵگا وادەکات خانمە هونەرمەندەکان دوور بکەونەوە، ئەگەرچی ئامانجی ئێمەی هونەرمەندان ئەوەیە کە پەیامەکانمان بگات وەك ئافرەت.

*** کۆمیدیا پەیامی خۆی هەیە، ئایا مەرجە ئەو کەسەی بەشداری لە کۆمیدیادا دەکات تەنیا بە ستایلی کۆمیدی ناوسراو بێت؟**

- هەموو بوارێکی هونەری پەیامی خۆی هەیە، بۆیە کۆمیدیاش پەیامی تایبەت بە خۆی هەیە، عادل ئیمام دەڵێت: بۆیە خەڵك دەخەمە پێکەنین بۆ ئەوەی بگرییێن، ئەم وتەیە ئەوە دەگەیەنێت ئەگەر لە کۆمیدیاش کار بکەی مەرج نییە تەنیا بۆ پێکەنین و کۆمیدیا بێت.

*** ئەکتەر چۆن دەتوانێت لە کۆمیدیا و کاری دیکەدا سەرکەوتوو بێت بە یەك ئاست؟**

- زۆر ئەکتەر هەیە لە هەردوو بواری کۆمیدیا و تراژیدیاش زۆر سەرکەوتوو بووە، من بۆخۆم هەست دەکەم لە تراژیدیاش سەرکەوتووم

*** کاری داهاتووت چی دەبێ؟**

- زۆر کارم لەبەر دەستە، بەڵام جارێ بڕیارم لەسەر هیچیان نەداوە، کە بڕیاریشم لە هەر کارێکدا رایدەگەینم.

# کارینا رقی لە هەموو هاوڕێکانیەتی

کەسێکی نزیکی ئەستێرەی سینەمایی بۆلیۆد کارینا کاپور نهێنییەکی نوێی دەربارەی ژیانی تایبەتی ئەو ئەستێرەیە ئاشکرا کرد کە زۆر دوورە لەواقع و لەوەی پێی ناسراوە و پێچەوانەی ئەو خۆشەویستییەیە کە زۆر جار بە ئاشکرا دەری دەبڕێت و ئەمەش رەنگە کاریگەریی هەبێت لەسەر ژیانی تایبەتیی. رانبیر کاپوری ئامۆزای کارینا کاپور لە دیمانەیەکدا بە ئاشکرا رایگەیاند کە کارینا رقی لە هەموو هاوڕێکانی خۆیەتی و چەند جارێك زۆر بە دڵنیاییەوە ئەم وتەیەی دووبارە کردەوە، لە بەرنامەیەکدا کە هەردووکیان تێیدا بەشدار بوون لە وەڵامی پرسیارێك دەربارەی پێوەندیی لەگەڵ هاوڕێکانی رانبیر ئەم وشەیەی دووبارە کردەوە، ئەوەی جێگای سەرسوڕمان بوو کارینا خۆیشی ئەمەی دووپات کردەوە و رەتی نەکردەوە و لەم بارەیەوە و گوتی: ئەم مەسەلەیە بۆ من گرنگ نییە، چونکە من لە دەرەوەی هونەرمەندان هاوڕێم زۆرە و بە پێویستی نازانم هاوڕێی زیاترم هەبێت، شایانی باس کردنە دوای جیابوونەوەی لە سەیف عەلی خانی هاوسەرەکەی تەنیا یەك جار سەردانی کردووە لە کاتی وێنەگرتنی فیلمێکی نوێی لەگەڵ کاترینا کایف.





# پاڵەوانی ئەم جارەی سوپەرمان کێیە؟

کچە ئەکتەری ئیسرائیلی جال جادۆت رایگەیاند کە پەیوەندیی بە ستافی فیلمی Batman vs. Superman ەوە کردووە و دەبێتە پاڵەوانی داهاتووی ئەم فیلمە بەمەش دەبێتە یەکەم کچە ئەکتەری ئیسرائیلی کە لە زنجیرەی ئەم فیلمەدا بەشداری بکات.


لەم بارەیەوە کۆمپانیای وارنەر برەزر رایگەیاند دوای بەشداری کردنی جادۆت لە زنجیرە فیلمەکان Fast & Furious سەرکەوتنی بەدەستهێنا ئەمەش وایکرد کە ناوبانگێکی زیاتری هەبێت و ببێتە یەکێك لەو ئەستێرە سینەماییانەی کە لە سەرتاسەری جیهان ناسراون، ئەم سەرکەوتنەی جادۆت وای لێکرد کە پاڵێوراو بێت و دواتریش هەڵبژێردرێت بۆ ئەوەی رۆڵی پاڵەوان ببینێت لە زنجیرە فیلمەکانی (Wonder Woman)، لەلایەن خۆیشییەوە زاك سنایدەری دەرهێنەری فیلمەکە گوتی: Wonder Woman یەکێکە لە کەسایەتییە بەهێزەکان لە نێو ئافرەتە سینەماکارەکان بە درێژایی مێژوو، جادۆتیش یەکێکە لە ئەکتەرە ناودارەکانی جیهانی سینەما و خاوەن جەماوەرێکی زۆرە و ئەم فیلمە وادەکات ئاستی جەماوەری زۆرتر بێت، چونکە ئەو ئەکتەرێکی بە توانایە و هەموو سیفاتە پێویستەکانی تێدایە بۆ بینینی ئەم رۆڵە، هیوادارین جەماوەریش فیلمەکە ببینێت و رای خۆیان لەسەر ئەم کچە ئەکتەرە دەرببڕن، چونکە ئێمە دڵنیاین لە سەرکەوتنی فیلمەکە و ئەم پاڵەوانە نوێیە، شایەنی وتنە لە فیلمی داهاتوودا هەر یەکە لە سوپەرمان و باتمان رووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، هینری کافل رۆڵی یەکەمیان دەبینێت و بین ئەفلیکیش رۆڵی دووەم و بڕیار وایە لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٥ لە هۆڵەکانی سینەما نمایش بکرێت.

# پاریس لە دوبەی چیکرد

کچە ئەکتەر و میراتگری زنجیرە ئۆتێلەکانی هیلتۆن پاریس هیلتۆن بەسەردانێکی کورت گەیشتە دوبەی و سەردانەکەیشی هەمەلایەن بوو، چونکە لە یەك کاتدا بازرگانی و هونەری و گەشتیاری بوو.

بۆیە دوای گەیشتنی بە دوبەی پاریس لەسەر پەیجە تایبەتەکانی خۆی چەند وێنەیەکی ئەم گەشتەی بڵاو کردەوە و جەماوەری خۆیشی لەم سەردانە ئاگادار کردەوە و رایگەیاند ئەم سەردانە گەشتیارییە و دەیەوێ دیمەنە سەرنجڕاکێشەکانی دوبەی ببینێت، لە هەمان کاتدا دەیەوێ چەند کارێکی ئۆتێلەکانی لە دوبەی بە کۆتا بێنێت و یەکلاییان بکاتەوە لەگەڵ تۆمار کردنی ریکلامێکی تایبەت بە جانتای دەستی ئافرەتان و دوور نییە لەگەڵ چەند بەرهەمهێنەرێك رێك بکەوێت بۆ ئەنجامدانی چەند پرۆژەیەکی هونەری.

گرنگترین وێنە سەرنجڕاکێشەکانی پاریس ئەوە بوو کە بە سواری حوشتر و بە جلوبەرگی ئیماراتییەوە لە نمایشێکی جلوبەرگ دەرکەوت.







# مەیس حەمدان: ئەخلاقم تاجی سەرمە

مەیس حەمدان یەکێکە لەو هونەرمەندە ئوردنیانەی لە دراما و بەرنامە کۆمیدیییەکانیدا هەمیشـــە رەخنە لە سیاسەتمەداران دەگرێت و بەرنامەکانی مایەی رەزامەندی و دەستخۆشـــی بینەران بووە، بەڵام لە واقعدا بە هیچ شـــێوەیەك باسی ئەو بابەتە ناکات و خۆی لێیان بە دوور دەخات .

لەبەر ئەوەی هەمیشە خۆی لە باس کردنی سیاسەت بە دوور دەزانێت، لەمیانی بەرنامەیەکی کەناڵی (الغد)ی لوبنانی پێشکەشکاری بەرنامەکە بە ئەنقەســـت ژمارەیەك پرســـیاری سیاسی ئاراستە کرد دەربارەی ئوردن و لوبنان و سوریا، دەربارەی لوبنان و ئایا پشتگیری لە ٨ یان ١٤ی ئادار دەکات، مەیس وتی: من میوانم بۆیە وەڵامی ئەم پرسیارە نادەمەوە، لە وەڵامی پرسیارێك دەربارەی ئەوەی ئەگەر کلیلی زیندانی بە دەست بێت کام لە سەرۆکە زیندانیکراوەکانی میسر ئازاد دەکات وتی: دادگای میسر دادپەروەرە و منیش کەسێك نیم بتوانم هیچ کەسێك ئازاد بکەم یان دەستگیری بکەم.

دەربارەی ئەو رۆژنامەنووســـەی وتبووی مەیس زۆر جار گاڵتە بە سیرین عەبدولنور دەکات وتی: سیرین ئەستێرەیەکی دیارە و منیش رێگا بە خۆم نادەم باسی هیچ کەسێك بکەم، چونکە من لە ژینەگەیەك پەروەردە کراوم کە ئەخلاق و بەهای مرۆڤایەتی بە من گەیاندووە، پەروەردەیەکی وا کە ئەخلاقی خۆم بە تاجی سەرم دەزانم، بۆیە رێگا بە خۆم نادەم باسی کەس بکەم، چونکە ئەگەر باسی کەسێك بکەم بە هەرشێوەیەك بێت ئەوا ئەویش بە هەمان شێوە رەنگە زۆر توندتریش وەڵامی من بداتەوە.

# (هەر لە بەزمەک

**ئەحمەد سالار**
مانگانە بۆ گوڵان دەینووسێت

## ئەو ساتانای ناسرێنەوە

نەك هەر تەمەنی گەنجێتی، بگرە بۆ ســـەرجەم قۆناغەکانی دیکـــەی ژیان، ئەگەر جاروبارە بەزم و رەزم و قســـەی خۆش و قاقا لێدانی پێکەنینی تیادا نەبێت، ئەوا تەمەن لەدەســـت چووە و، وەك دەستی خنکاندن لە سینی درابێ وایە، ئێمەش ئەو چوار پێنج قوتابییەی سلێمانی کە لە شووقەیەکی پەرپووتی گەڕەکی (جدید حەسەن پاشـــا) ژیانمان دەگوزەران، کە ئێستا دەیهێنمەوە بەرچاوم هەر دەڵێی شـــانۆییەکی نەك هەر کۆمیدی، بەڵکو پتر گاڵتەجاڕی بوو، هەر کاتـــێ بمزانیایە کش و مات و بێدەنگن، دەچوومە ســـەر قەرەوێڵەکەم و بەدوا دەنگم وتارەکەی (ئەنتۆنیو) ی (بولیۆس ســـیزەر)م دا دەدا و، رادەچڵەکین و پاشـــان دەکرایە بەزم.

لە پڕا دەوەستام، هاواریان دەکرد، بەردەوامبە، منیش کە(مارك ئەنتۆنیۆ ) بووم بالیفەکەم کردبووە، تەرمی (ســـیزەر) و بە دڵێکی خەمناکەوە بـــەردەوام دەبووم: (ئەی ســـیزەری مەزن، راســـتە خۆشەویســـتم بووی، ئـــەوە هیچ جێگای گومـــان نییە، بەڵام ئەگەر گیانت لەم ســـاتەدا ســـەیری ئێمە بکات، دەزانم پتر لە کوشـــتنەکەت ئازار بە دەست دەچێژم، کە بەچاوی خۆت بینیت، مارك ئەنتۆنیۆی براو یاوەرت، دەســـتی لەناو دەستی خوێناوی دوژمنەکانتایە..)،دەکرایە چەپڵەرێزان و، پاشان هەر یەکە دەستی بە خوێندنەوەی خۆی دەکرد.

یەکـــێ لەو برا هەرە خۆشەویســـتانەم، گەنجێکی قیت و قۆز و تەواو دڵتەر و چاوباشـــقاڵ بوو، بەڵێ چاوباشـــقاڵ، ئەو ئەو وشـــەیەی ئەو هاوڵەمم پێ پێناسەکرد، جارێکی لەگەڵ (دیلان) مشـــتومڕمان لەو واتای ئەو وشەیە بوو، رای من وابوو کە زادە و پێکهاتەی، یان هەموو لەیەکانگیری هەر دوو وشـــەوە(ئالۆدە) ی (ئەشق)، یان عەشـــق تێوەی ئالا و، هەندێ چەند و چوونم لەسەر کرد، بەڵام دادی ئەوی نەداو دڵی لەو لێکدانەوەیەم ئاوی نەخواردەوە، چونکە وا راهاتبوو، خۆی کە شـــتێکی بفەرمووایە، هەر دەبوو ئەوە بووایە، بە هەرحاڵ ئەو برادەرە دڵتەرەم، کردبووی بەخو، هەر کە عەســـران دەهاتـــەوە دەرگای ســـەر بانێژەکەی دەخستە سەرپشت و چاوەبڕکێی لەگەڵ کچە دراوسێیەك دەکرد، ئەویش هەمـــوو رۆژێ لەو وادەیەدا بەهۆی جل هەڵخســـتن و یان لێکردنـــەوەی بەچەند کاتژمێرێك لەو ســـەر بانە ئیدی یان بەبەر سووری خۆرەوە، یان لەبەر کزەی وشکە سەرمای زستانانی بەغـــدادا، هەر چەندە هاوارمان دەکرد، پیاوی چاکبە، هەر نەبێ دەرگاکـــە لە دوای خۆتەوە داخە چ لەبەر دەنگە دەنگ و هەروا هوریایی ئەو کۆڵانەی کە هەمیشـــە دەتگـــوت(رۆم ئەلفەزایە) جگە لە دەنگی دارتاشخانە و چایخانە و......

بەڵام کاکە گیان هیچ گوێی بە هوت و هاوار و بە قوربان و بە ساقەکەمان نەدەبوو، ئەو چاوی لەو کچە رەشتاڵە باڵا عەرعەرییە بووایە، ئیتر خوا دەیکرد دونیا خاپوور و نوغرۆ دەبوو.

خـــوا کردی ئێوارەیەك هاتەوە و برادەرێکی لەگەڵدا بوو، وتی: ئەرێ برایان، بەیانی ئەبێ بچمەوە شـــار، ئەگەر راســـپاردەیەك ئیشێکتان هەیە، دەرفەتە پێم بڵێن.

: ئەرێ حەوت براکەم زۆرت پێ دەچێ ؟

: هەتا شەممەی ئایندە واتە چوار رۆژ ؟

: خێری پێوەبێ، رێز و ســـڵاومان، بۆ خزم و کەســـوکار هەیە خراپیش نییە، ئەگەر لە دوکانی کاکە(حەســـەن فەرج) کیلۆیەك باســـوقمان بۆ بێنی، یان کیلۆیەك گـــەزۆی کاکە(عەباڵە)ی سابونکەران.

بەیانی هەر زوو چاوەڕوانی نانی بەیانی نەکرد و یەك دووجار بە پەلە دەرگای بانێژەکەی کردەوە و لەسەر بانەکانی روانی.

: ئەوە ســـەیری چی دەکەی، لە تۆ وایە بەم (سبای ساڵمانە) قەیماغ و ســـەموونی گەرمە، ئەوە عەســـران ســـۆراغی بکە، یەکتریمان ماچ کرد و خواحافیزیمان لەیەکدی کرد.

: لـــە بری ئێمە خولێکی بەردەرگی ســـەرا بدە کاکە ئۆغرەی خێری کرد و وادەی عاشقێنی کردنەکەی هات، هێشتا برادەرەکانم نەگەڕابوونەوە، ســـەیرم کرد ئەو قاتە بیجامە شـــینە بریقەدارە و خاولییـــە زەردە لیمۆییەکـــەی هـــەر وا بـــە بزمارەکانی ژوور قەرەوێڵەکەیەوە، دامگرت و گوتم:

حـــەوت برا، هەر ئەمڕۆ دەردت دەرمـــان دەکەم، دەنگی کلیل هات لە دەرگاکە دەنرا، روانیم کاکە(ئەکرەم)ە، هاتۆتەوە، سەیری کردم ئەوا خەریکی لەبەرکردنـــی بیجامەکەی ئەو ئازیزەم، هەر چەنـــدە بۆ بەژنی من گچکە بـــوو، بەڵام وتم خۆ لاقم نابینێ، حەپەسا و وتی:

ئەوە بیجامەکەی خۆت شتوە.


:نـــە وەڵڵا ئەوە، دەردی کاکەی پـــێ دەرمان دەکەم، تۆ هیچ هەقـــت نەبێ و تۆ مەرقەدەکەی کاکە ئەحمەدی شـــێخ ئەگەر باسی بکەی، ئامانە، بەخوا حەیامان دەبات، هەر بە دەستووری کاکە چوومە بانێژەکە و ئەو خاولییەی لە دە کیلۆمەترەوە دەبینرا، دام بە ســـەر شـــانما و قژیشم دوور لە ئێســـتا، پڕو چڕ بوو، بە دەستوری ئەو بەسەر ناوچەوانما داهێنا، کاك ئەکرم بە دزییەوە لە درزی پەنجەرەکەوە سەیری ئەکردم، خوا کردی کچە بەژن باریك و بەرزە رەشتاڵەکە هاتە سەربان و هەر بە یادی گشت رۆژانێکەوە

**یەکێ لەو برا هەرە خۆشەویستانەم، گەنجێکی قیت و قۆز و تەواو دڵتەر و چاوباشقاڵ بوو، بەڵێ چاوباشقاڵ، ئەو ئەو وشەیەی ئەو هاوڵەمم پێ پێناسەکرد، جارێکی لەگەڵ(دیلان) مشتومڕمان لەو واتای ئەو وشەیە بوو، رای من وابوو کە زادە و پێکهاتەی، یان هەموو لەیەکانگیری هەر دوو وشەوە(ئالۆدە)ی (ئەشق)، یان عەشق تێوەی ئالا**

**دەنگی کلیل هات لە دەرگاکە دەنرا، روانیم کاکە(ئەکرەم)ە، هاتۆتەوە، سەیری کردم ئەوا خەریکی لەبەرکردنی بیجامەکەی ئەو ئازیزەم، هەر چەندە بۆ بەژنی من گچکە بوو، بەڵام وتم خۆ لاقم نابینێ، حەپەسا و وتی: ئەوە بیجامەکەی خۆت شتوە.**

# ـــــانی ڕۆژانی زانکۆ)

## - ١ -



لە بانیژەکەی ڕوانی و چاوەڕوانی منی دەکرد دەست بە لاسەرما بینم، ئەوە سڵاوی ئەو دوورا و دوورانە بوو، ناچار ئەوکەوتە بزاواندن و ئاماژەکردن، منیش پێم بە جەرگی خۆمداناو و دوو سـێ چەمۆڵەم لێنا و بەپەلە پشـتم تێکرد و توند دەرگاکەم بە دوای خۆمدا بە یەکدادا و هاتمە ژووریّ، ئیتر لەگەڵ برادەرەکەمدا و پاش برادەرکەی ترمان کە هاتەوە تا نیوەشـەو هەر پێکەنیوین، زووزووش دەمگوت:

بـە قوربان کاکەم بە قەدەر هـەر دوو چاوم خۆش دەویّ و نەکەن ئەمە بدرکێنن، ڕۆژی شـەممە داهـات و، وەك ڕۆژانـی دیکە ڕوومـان لە لانە لانەوازەکەمان کردەوە، هەر کە دەرگام کردەوە کاکەم بینی بە بیجامەوە خاولییەکەی ملییەوە هەروام زانی ئەو ڕۆژەی بەزمەکەی خۆمم و پاڵم لێداوەتەوە پـاش بەخێرهاتنەوە و یەکتری ماچ کردن، دەسـت و دیارییەکەیم بینی و بیّ ئێوە ناخـۆش باسـوقێك و گەزۆییەکی عەبالەم حەم کرد، گەیشـتە وادەی چاوبڕکێکەی و چەندە چاوەڕوانی کرد، یار دیار نەبوو، خواکردی برادەران ئـەو ڕۆژە درەنگ وەختانیّ هاتنەوە، بۆ دواجار بە پەرۆشـی و حەسرەتەوە ڕووی کـردەوە بانیژەکە، ئەمجارە یـارە خرپنەکەی جـاران بە تەشـتیّ جلی شـۆراوە هاتە سـەری و ئەمسـەرو ئـەو سـەری تەنانەکـەی کـرد، خۆی لە کاکە گێل کـرد، لە پاش هەڵخسـتنی دوایین پارچە کە سەرپۆشێکی ڕەش بوو، ئاوڕێکی دایەوە و حەوت چەمۆڵەی هەقەوەسێنی لـە برادەرەکەمان کرد و لێڵایی بـە چاوانیان دیناو، تەخت لەسـەر جێگاکەی لێی کەوت لیفەکەی هەتا پشت سەری ڕاکێشا و، ناوە ناویّ ئەمدیوو ئەو دیوی دەکرد.

منیش بوومە هاوخەمی و بە هەمان شـێوە لاڵ و پاڵ لێی کەوتم ئەمە نهێنییەکی ئەو ڕۆژانە بوو، بەڵام ئەوا درکاندم.